# لەیلا فەریقی بەئینگلیزی گۆرانی دەچڕی



**زانا دڵشاد دزەیی**/ دوای ئەوەی خانمە هونەرمەند لەیلا فەریقی بە سەردانێكی چەند رۆژەیی بە مەبەستی ئەنجامدانی چەند كارێكی هونەری خۆی گەڕایەوە كوردستان، ناوبراو هەفتەی رابردوو كوردستانی جێهێشت و گەڕایەوە ئەوروپا، بەڵام بەمنزیكانە گۆرانییە ئینگلیزیەكەی پێشكەش بە كەناڵە كوردییەكان دەكات.

لەبارەی ئامانجی سەردانەكەی خۆیدا بۆ كوردستان هونەرمەند لەیلا فەریقی لە پەیوەندیەكەیدا بە دەنگی مەخمووری راگەیاند، بەمەبەستی ئەنجامدانی پرۆژەیەكی هونەری خۆی و لەسەر ئەركی خۆی ئەو سەردانەی ئەنجامداوە، بەڵام ناوبراو ناوەڕۆكی پرۆژەكەی خۆی ئاشكرا نەكرد و گوتی "نامەوێ باس لە پرۆژەكانی خۆم بكەم، تا ئەو كاتەی بە تەواوی كارەكانی بە كۆتادێت، بەڵام بەمنزیكانە كلیپی نوێترین گۆرانی خۆم بڵاودەكەمەوە، كە بە زمانی ئینگلیزی تۆمارم كردووە و هەر لە دەرەوەی وڵات كارەكانی ئەو گۆرانییە بەرێوەچووە"، هەروەها ناوبراو گوتیشی "بابەتەكانی ئەلبوومی داهاتووم ئامادەكردووە، بەڵام نامەوێ بە پەلە دەست بكەم بە كاری پراكتیكی، لەبەرئەوەی هەڵبژاردنی بابەتێكی باش هەم سەختە، هەمیش كاتێكی زۆرتریشی دەوێ".

لەیلا فەریقی ئاماژەی بۆ ئەوەشكرد، ئەو گلەیی لە زۆرێك لە كەناڵەكانی كوردستان هەیە، كە وەك پێویست كلیپەكانی پەخش ناكەن، بە تایبەتی گۆرانی (انا سبیك من كردستان)، كە بە زمانی عەرەبی تۆماری كردووە لە ساڵی ٢٠٠٦ لە نێو قەڵای هەولێر وێنەی بۆ گرت.

## سۆزێك بۆ رووناككەرەوەی شارەكەم

**محەممەد شێروانی**

بەپێویستم زانی وەك وەفایەك ئەگەر بەكورتیش بێ تۆزیك لەسەر ئەوكەڵەپیاوە بدوێم كەهەموو ژیانی خۆی تەرخانكردبوو بۆ خزمەتكردنی شارەكەی لەرووی گەیاندنی تەزووی كارەبا بۆ مەخموورو دەوروبەری.

(مەغدید سلێمان رەزا) لەساڵی(١٩٤٦)لە مەخموور لەدایكبووەو لەساڵی (١٩٧١) لەبەشی هونەری (فەرمانگەی كارەبای مەخموور) دادەمەزرێتو لەبەر لێهاتوویی دەكرێتە بەرپرسی(فەرمانگەی كارەبا) لەسەر ئیدارەی(موسڵ) تائەو كاتەی ماڵئاوایی لەژیان كرد.

(مام مەغدید) زۆرحەزی لەكاركردن بوو، بەتایبەتی خزمەتكردنی شارەكەی ئەگەر هەركاتێك كارەبا بپچرایە، چ بەشەو چ بەرۆژ لای ئەوگرنگ نەبوو، خۆیو شوفێرەكەیو یەكێك لەكوڕەكانی ئامادەبوون دەچوون بۆچاككردنەوەی، تا ئەوكاتەی ماڵئاوایی لەژیانیش كرد هەردەست بەكەلوپەلی كارەباو ستوونو محاویلەو خەمی رووناكی گەیاندن بوو، بۆیە خەمخۆری ئەو بۆكارەكەی دواجاربووە هۆی مەرگ وكارەسات، لەرۆژی ٢٠٠٩/٣/٢٨ لەگوندی (مەعمەرئۆمەران) لەكاتی بەستانی هێلی كارەبا دڵەگەورەكەی لە وەستان دەوەستێت دوا ماڵئاوایی لەژیان دەكاتو دەبێتە بەشێك لەرووناكی شارەكەی، خوا گەورە بە بەهەشتی بەرینی خۆی شادبكات.

## حەیرانێك بە یادی جاران

(حەیران ئەمن شەرتەكم كردیە لەگەر بەژنێ باریك
چ جاران ناكەم درویێ،
خۆمن سوندەكم دەخوارد
بەدوو چاوی بەرەك و قامكەكی بەئەنگوستیلە
دەمگۆ وەرە دەستێ خۆمان تێكەركەین
ماچ كەم بەینی بژانگ و برۆیێ،
ئەمن دەرێم ئەوڕۆكە كەتیمە وراتێ غەریبان و غوربەتان
درێژگەم چەندی دەكاتن خەیاران
هەندی چاو دەگێرم لەدۆست و برادەران
ئەمن ئەوڕۆ بویمە كوڕە جاحێرەكی لەهەژدەو بیستان
دەستێ نازدارەكەی خۆم دەگرت
خۆمان داوێشتە چیاكەی باواجی
ئەگەر خوا حەزنەكا، چ جاران نابەین نسكۆیێ)
*حەیرانی پیرداود مەخمووری

## سابیر كوردستانی:

# زۆربەی گۆرانییەكانم تایبەتن بەڕووداوی راستەقینەی ژیانم

**هیمن ئاری-هەولێر**

كەم مرۆڤ هەیە بتوانێ ئەو ئێشو ئازارەی كە لەژیانی رۆژانەیدا رووبەرووی دەبێتەوە هەمیشە ئازاری دەدات لەرێگەیەكدا دەریببڕێتو ببێت بە خواستو ویستی خەڵكەوە، تاوكو كەمێك لە خەمو ئازارەكانی كەم بكاتەوە، هونەرمەند سابیر كوردستانی ئەو دەنگەیە كە ساڵانێكە خزمەت بەهونەری كوردی دەكاتو بۆچركەیەكیش لە رەسەنایەتی هونەری كوردی لاینەداوە.



*** هونەر پەیامە، ئەو پەیامە تاچەند لای سابیر كوردستانی گەیەنراوە؟**

- بە ئەمانەتەوە بەپێی تواناو هێزی خۆم كە هەمە، من پێموا بێ تا ئاستێك توانیومە ئەو پەیامەی لەناخمدا هەیە بیگەینمە شوێنی مەبەست.

*** تاچەند توانیوتە ئەم پەیامە بكەیت بە پەیامێكی راستەقینەو خزمەتی میللەتكەی پێ بكەی؟**

- ئەو پەیامەی كە هەڵمبژاردووە بە پەیامێكی راستو دروستم زانیوە، دەتوانم بڵێم زۆر شت لەناخی دڵمەوە كە هەڵمبژاردووە بەو مەبەستەی بیگەیەنم، بۆنموونە گۆرانیە كۆمەڵایەتیەكان، یا گۆرانیەك باس لە سیاسەتێك بكاتو چارەسەر كێشەی گەلێك بكات. یا باس لە خۆشەویستی راستەقینەو باس لە جوانی دیمەنی وڵات یا جوانی ئافرەت بكات بەشێوەی رێزگرتنەوە نەك بەشێوەیەكی قێزەوەن.

*** كوردستانی گۆرانی بۆچی دەڵێیت؟**

- بۆ ژیان، بۆ گەلەكەی خۆم و سروشتی جوانی،..بۆ...

*** حوزن لە زۆربەی گۆرانیەكانت هەستی پێدەكرێت، ئەمە چۆنە؟**

- جگە لەهەندێ گۆرانی نەبێت نەوەك زۆربەی گۆرانیەكانی دی لە واقیعی ژیانی خۆمەوە نزیكنو تایبەتن بەخۆم، یاخود رووداوێكی واقیعیەو راستە لەژیانی خۆمدا روویداوە، و توانیومە لەرێگای گۆرانیەوە بیگەیەنم، لەهەمانكاتیشدا گۆرانیم هەیە كە تایبەتە بەهەندێك ئاریشەو كێشەی كۆمەڵایەتی نێو كۆمەڵگای كوردەواری، نەك هەر ئەوەبێ كە هەموو گۆرانیەكانم تایبەت بێ بە ژیانی واقیعی خۆم.

*** كامە گۆرانی خۆت زیاتر لەسەر زارەوە دەیڵێیتەوە، یا كام گۆرانی رەنگدانەوەی ژیانی خۆتە؟**

- ئەو گۆرانیانەی تایبەت بن بەخۆم زرۆن، بەڵام ئەوەی ١٠٠٪ لەخۆم نزیك بێت (من غەریبم، خۆزگەلەم دنیایەدا یەك چاوێكم هەبوایە،.....) ئیتر كۆمەڵێك گۆرانی هەن رووداوی راستەقینەی خۆمن كردوومە بە گۆرانی.

*** بۆچی سابیر كوردستانی ماوەیەكە بێدەنگە، ئەم بێدەنگیە بۆ؟**

- هۆكاری ئەو بێدەنگیەم نەگونجانە تا بتوانم بەرهەمی تازەم هەبێت، كەم و زۆریش هەر خەریكی كاری تازەم گەر تەمەن رێبدات. زۆر سوپاس.

## زانا جەبەلی:

# لەگەڵ ئەوەدانیم هونەرمەند هاوكاری بكرێ



(فۆتۆ/ نیازعەبدوڵڵا)

**فەرمان محەممەد - هەولێر**

زانا جەبەلی یەكێكە لەو هونەرمەندانی هەر لە تەمەنی منداڵییەوە عەشقی هونەری گۆرانی گوتن بووە، لە ساڵی ١٩٨٣ لە كۆمەڵگای سێبیران سەر بە شاری هەولێر لە دایكبووە، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەكانی شاری هەولێرە، قوتابی قۆناغی سێیەمی كۆلێژی هونەرە جوانەكانە لە بەشی میوزیك، ناوبراو تاكو ئێستا خاوەنی ئەلبومێكی گۆرانییە بە ناوی (تویا بیرا من).

زانا جەبەلی لە لێدوانێكیدا بۆ (دەنگی مخموور) سەبارەت بە یارمەتیدانی هونەرمەندان دەڵێت "من هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم هونەرمەند یارمەتیدانی بكرێت، بەڵام لە بری ئەوە با یەك شت بۆ هونەرمەند بكرێت، ئەویش پاراستنی مافی چاپی بەرهەمەكانی هونەرمەند"، هەروەها جەبەلی ئاماژە بەوە دەكات ئەگەر مافی چاپ بۆ هونەرمەند پارێزراو بێت ئەوە هونەرمەندی باش و خراپ بە دیار دەكەوێت، چونكە بەراستی ئێستا لە گۆڕەپانی هونەری كوردی نازاندرێت كام هونەرمەند پرفرۆشترین سیدی هەیە.

ئەگەرچی زانا جەبەلی هونەرمەندێكی ئەكادیمییە، بەڵام باس لەوە دەكات كە مەرج نییە هونەرمەند ئەكادیمی بێت، چونكە زۆربەی هونەرمەندانی كوردستان بە نائەكادیمی بوونەتە هونەرمەند ئەویش لەبەرئەوەبووە، "بەر لە راپەرین شتێك نەبووە ناوی ئەكادیمی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا كاری زۆر جوانیشیان ئەنجامداوە، كە شایستەی رێزە"، زانا جەبەلی لە درێژەی لێدوانەكەی ئاماژە بەوەش دەكات، كە زۆربەی هونەرمەندە نائەكادیمیەكان لە بەشێكی هونەرمەندە ئەكادیمیەكان باشترە، لەگەڵ ئەوەشدا لەو بارودۆخەی ئێستا ئێمەی تێدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەڵێت "پێویستە هونەرمەند ئەكادیمی بێت، چونكە بەراستی دەرفەتێكی زۆر هەیە، بۆ ئەو هونەرمەندانەی كە بیانەوێت خوێن بە ئەكادیمی بكەن".





## تائێستا هەردوو بنكەی تەندروستی ناحیەی دیبەگەو بنكەی وەرزشو لاوانی دیبەگە هیچ ئالآیەكییان بەسەرەوە نییە

(فۆتۆ: شێركۆ مەحموود)

## واڵا



**خەلیل بلانی**

### لە قەل بووین، نەهیلن لە كۆتریش بین

ئەگەر لە سیاسەتی شلكەو توندكەی نێوان سەركردایەتی كورد و كاربەدەستانی عێراق، دەربارەی ناوچە دابڕاوەكانی كوردستان وردبینەوە، دەبینین هەنگاوەكان هێندەی بە پێچەوانەی بەرژەوەندی خەڵكی ئەو ناوچانەو كوردستاندا شكاوەتەوە، هێندە كاریگەری نێگەتیفی بەسەر بەرژەوەندی عروبەو حكومەتە عەرەبیە كلاسیكیە بەناو نوێیەكەی عێراق نەبووە، بەشێوەیەكی تر ئێمە دۆڕاو و ئەوانیش براوەبوونە.

دەسپێكی ئەو هەنگاوانەش بۆ سەرەتای ئازادیی یەكجارەكی ئەو ناوچانە دەگەڕێتەوە، كە سەركردایەتی كورد سەرقاڵی بنیادنانەوەی ئەو عێراقە بێهێزو بێ دەسەلاتەبوو كە ئیمرۆ بە شان و شەوكەتی كورد دامەزرایەوەو خەریكە خۆی دەگرێتەوەو دەكەوێتە وێزەی كوردو بەهەموو شێوەیەك دژایەتی ئەزموونی نەتەوەكەمان دەكەن و كەمترین مافمان پێ رەوا نابینن.

بە هەرحاڵ ناوچە دابڕاوەكان ئازاد بوون و هەموو بڕیارەكانی بەعس هەڵوەشێنرایەوە، تەنیا بڕیاری گەڕانەوەی مەخموور قسەی لەسەر نەكرا، تا دوێنێ كە گوێبیست بووین كە مەخموور لە ساڵی ٢٠٠٥ بە بڕیارێكی فەرمی عێراق رەزامەندی لەسەر دراوە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر هەولێرو سەركردایەتی كورد لێی بێ ئاگایەو دواتر راگیراوە.

ئەوەی جێگەی سەرسورمانە دوای نزیكەی شەش ساڵ لە ئازادی ئەو ناوچانەو مەخموور بەتایبەتی ئینجا لە كاتێكی درەنگ وەختدا بیر لە گواستنەوەی پسولەی خۆراكی ئاوارەكانی مەخموورو ناحیەكان و گوندەكانی دەوروبەری كرایەوە، بەمەبەستی بەشداریكردنی هەژدەهەزار هاوڵاتی كورد كە زیاتر لە (٤٠,٠٠٠) كەس دەبن، لە پرۆسەی دەنگدان بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ، كەچی بەداخەوە بەهۆی دواكەوتنمان بووینە میوانی درەنگ وەخت و مافی دەنگدان و خۆپالآوتنمان پێنەدراو لەم حالەتەدا لە قەل بووین.

ئێستاش بەهۆی ئەوەی لە كوردستاندا خەریكە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان نزیك دەبێتەوەو ئەو ژمارە هاوڵاتییە ئاوارانەی كە پێشتر پسولەیان لەسەر هەولێر بوو ئێستاكەش گەڕاوەتەوە سەر موسڵ، دیسانەوە مافی دەنگدان و خۆپالآوتنیان نابێ و بەم شێوەش بڕوات لە كۆتریش دەبین.

بۆیە پێویستە سەركردایەتی كورد هەڵوەستەیەك لەسەر ئەو مەسەلە چارەنووسسازەدا بكات و هەوڵی جدی بدرێت بۆ ئەو ئاوارانەو تەواوی خەڵكی ناوچە دابڕێنراوەكانی كوردستان مافی دەنگدان و خۆ پالآوتنیان هەبێت و نوێنەری خۆیان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەرگریان لێبكات و بەم شێوەش پەرلەمان پەرلەمانی هەموو ناوچەكانی كوردستان بێت نەك تەنیا ناوچەكانی سەرووی هێڵی ٣٦، بۆیە لەقەل بووین، بەڵام دەخیلە مەیلن لە كۆتریش بین.